# چەند پرسیارێک لە بەڕێز عبدالله حسن زادە

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

وەک دەزانین حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران، دوای جیا بوونەوی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک لە راگەیەندراوەکەیان دا دیارە بانگەشە بۆ نوێ بوونەوەو نوێ کردنەوە دەکەن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی پیرۆزە. بەڵام لێرەدا بە بێ هەر چەشنە لایەنگری لەم دوو حیزبە و بە خۆ دوور راگرتنم لە کێشە و ململانێی نێوانیان، چەند پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز حەسەنزادە دەکەم کە تاوەکوو ئیستا وەک کەسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران، خۆی پیشان داوە.

یەکێک لە مەرجەکانی نوێ گەری پێداچوونەوە بە کارەکانی رابردوویە. واتە بە بێ رەخنە و هەڵسەنگاندنی کار و کردەوە و بۆچوونەکانی رابردوو، ناتوانرێ نوێ بوونەوە لە ئارادا بێت. جا پرسیار ئەوەیە ئایا کاک عبداڵله ئامادەیە کە بە جۆری روانین و هەڵس و کەوت و کردەوەکانیدا بچێتەوە کە کاتی خۆی لە سەردەمی نفووز و سکرتێری ئەودا لە حیزبی دیموکڕات دا بەڕێوە چوون؟ بۆ وێنە دەتوانم ئاماژە بەم نموونانەی خوارەوە بکەم:

ـ ئایا حازرە بە رەسمی دان بەوەدا بنێ کە ئەو بۆچوونە هەڵە بوو کە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەک سروەی بە دەستکرد و لە خزمەت رژیمدا دەنرخاند و داوای لە خەڵک دەکرد کە هاوکارییان نەکەن و بابەتیان بۆ نەنێرن؟

ـ ئایا ئامادەیە بەو هەڵوێستە بە پەلەیەی خۆیدا بچێتەوە کە لە کاتی دەنگۆی دامەزراندنی حیزبێکی کوردی لە کوردستانی ئێران، دەستبەجێ هەڵوێستی گرت و داوای لە خەڵک کرد وەشوێنی نەکەون؟ ئەو کاتانەی کە پێی وابوو گەلی کورد حیزبی دیموکراتی هەیە و ئیدی پێویستی بە هیچ حیزبێکی دیکە نیە!

ـ ئایا حازرە داوای لێبوردن لەو ئەندام حزبییانە بکا کە بە تاوانی پەنابەری، لە یارمەتی و تەنانەت دانی تاقە پێناسەیەک لە هاتو چووی سەیتەرەکاندا مەحرومی دەکردن و بگرە بۆ سووک کردنی ئەوان، ناوی یەکێک لە کۆنگرەکانی ئەو سەردەمی حیزبی ناو نا کۆنگرەی خەباتکارانی خۆراگر؟!

ـ ئایا ئامادەیە داوای لێبوردن لە ئەنجومەنی قەڵەم بکا کە هاتووچۆی ئەندامەکانی بۆ بنکەکانی حیزب قەدەغە کردبوو و ئەوەی قسەی ناشیرینە باریان کردبوون، تەنیا لە بەر ئەوەی کە جورئەتی رەخنەیان بە خۆیان دابوو؟

23.12.2006